واتــە: ژیــانی نــەبڕاوەییمان دانــەناوە بــۆ هــیچ کــەس لــەپێش تــۆدا، ئەگــەر تــۆ بمریــت، ئایــا ئــەوان دەمێــنن بەبەردەوامی؟

ئیمامی پایە دار حەسەنی بەصری (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمووێت: (فضح الموت الدنيا، فلم يترك لذي لب فيها فرحا، وما ألزم عبد قلبه الموت إلا صغرت الدنيا عليه، وهان عليه جميع مافيها) .

واتە: مردن لەڕاستیدا ئابڕوی دونیای بردووە، وە هیچ خۆشییەکی بۆ خاوەن هۆش تێدا بەجێ نەهێشتوە، وەهیچ بەندەیەك نییە هیچ کات کە دڵی پەیوەست بێت بەمردنەوە ئیلا دونیاو هەمو ئەوانەشی کەتێیدایە لەلا بچوك و کەم نرخ دەبێت.

أيا عبد كم يراك الله عاصيا    حريصا على الدنيا وللموت ناسيا
أنسيت لقاء الله واللحد والثرى    ويوما عبوسا تشيب فيه النواصيا
ولو أن الدنيا تدوم لأهلها    لكان رسول الله ﷺ حيا وباقيا

واتە: ئەی بەندەی لاواز چەند جارە خوای گەورە دەتبینێ بەسەرپێچی کاری، سوری لەسەر دونیای فانی و مردنت بیر چووە، بۆ گەیشتن بەپەروەردگارو ناو لەحدی تاریك و کرم و مێروت بیرچووە،

وە ڕۆژێکت بیرچوو کەتاڵ و ڕەش و تاریکە، کە قژی پێشە سەر تێیدا سپی دەبێت، وەبیزانە کە ئەگەر دونیا بۆ کەسی سەر زەوی بمایا ئەوا بۆ پێغەمبەری خوا دەما ﷺ.



دایکی باوەڕداران عائیشە (خوای لێ ڕازی بێت) لەنەخۆشی سەرەمەرگیدا بوو، ابن عباس (خوا لە هەموویان ڕازی بێت) هاتە ژوورەوە بۆ لای، هەندێ لەچاکەکانی کە پەروەردگار پێی بەخشیبوو یادی خستەوە، ئەویش (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی:

**(يا ابن عباس دعني منك ومن تزكيتك فوالله لوددت أني كنت نسيا منسيا)**[1]. فەرمووی: ئەی عبدالله ی کوڕی عباس لێم گەڕێ، وە ئەم تەزکیەو پاك کردنەوەیەم بۆباس مەکە، سوێند بێ بەخوا خۆزگە ئەوە دەخوازم کە شتێکی کەم نرخی لەبیرخراو بومایە.

**بۆ دایکی ئیمانداران ئەو خۆزگەیە دەخوازێت؟**

تۆ بڵێی لەبەر هەژاریو کەم دەستی بوبێ!

یان لەبەر خراپی، وەك شیعەکان دەیڵێن، – لەعنەتی خوایان لێ بێت–!

نەخێر لەبەر سامناکی حاڵەتی ڕۆح دەرچون و ترسناکی ئەهوالی دواڕۆژ –خوای گەورە پەنامان بدات–،

لەم کاتە پڕ ترسناکەدا شەیتانی دۆڕاوی شەڕەنگێزیش چالاکیەکانی زۆر زیاتر دەکات بۆ ئەوەی لەدەستی دەرنەچێت، یەکێك لەپیاو چاکان دەفەرمووێ: لەلای نەخۆشێك بووم لەسەرە مەرگدابوو، پێیان دەوت: بڵێ (لا إله إلا الله) ئەویش دەیووت: نەخێر نەخێر، دوای ئەوەی کەمێك حاڵی باشتر بوو، بۆیمان باس کرد، ووتی: دوو شەیتان هاتن بۆ لام، لەلای ڕاست و چەپمەوە وەستان، یەکێکیان دەیووت: لەسەر ئایینی جولەکە بمرە،



چونکە باشترینی ئایینەکانە، ئەوی تریش دەیووت: لەسەر ئایینی گاور بمرە چونکە باشترینی ئایینەکانە، منیش پێم دەوتن: نەخێر نەخێر[1]. کەوابو بڕوانە حاڵت ئەی ئینسانی بێئاگا لەمەرگ، بڕوانە چیت بەسەر دێت لەکاتێکدا لەسەر جێگە کەوتویت، توانات لێ بڕاوەو جەستەت تێك شکاوە، ئەو لاشەی ماندو نەبوو بەعیبادەت و پەرستن، ئەو دەستەی چەندین کەسی بێتاوانی توش کرد، ئەو چاوەی نەدەپروکا لە ناموسی خەڵکی، ئەو قاچەی شەکەت و ماندو بوو بە دزی کردن و خراپە کاری و.....﴿ وَحِيلَ بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ مَا يَشْتَهُونَ ﴾ [سبأ: ٥٤]

واتە: دوای ئەوەی خراپە کاران خرانە دۆزەخەوە بەربەست دانرا لەنێوان ئەوان و ئەوەی کە ئەوان حەزی پێدەکەن لەشەهەوات و خۆشیەکانو ماڵو منداڵ، کەوابو تەنها دەمێنن لەگەڵ کردەوەکانیاندا.خوای گەورە لەئایەتێکی تردا دەفەرمووێت: ﴿ أَيْنَمَا تَكُونُوا يُدْرِكْكُمُ الْمَوْتُ وَلَوْ كُنْتُمْ فِي بُرُوجٍ مُشَيَّدَةٍ ﴾ [النساء: ٧٨] . واتە: لەهەر جێگەو شوینێك بن مردنتان پێ دەگات ئەگەر لەقەسرو تەلارە زۆر بەرزو بەهێزەکانیشدا بن.

سوێند بەخوا پێتان دەگات و قوتارتان نابێت لەدەستی. تابعی بەڕێز (ربيع بن هيثم) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمووێت: (أكثروا ذكر هذا الموت الذي لم تذوقوا قبله مثله).واتە: زۆر بیر بکەنەوە لەو مردنەی کە لە پێشتردا وێنەی ئەوتان نەچەشتووە.

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آلِهِ وَصحبِهِ وسلم.